سەبارەت بە ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: {وَقَالُوا لا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلا سُوَاعًا وَلا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا} واتە: {وتیان: خەڵکینە نەکەن واز لە خواکانتان بهێنن!! نەکەن واز لە (ود وسواع ویەعوق ونەسر) بهێنن}، ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: ئەمانە ناوی پیاوچاکانی قەومی نوح بوون

سەبارەت بە ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: {وَقَالُوا لا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلا سُوَاعًا وَلا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا} واتە: {وتیان: خەڵکینە نەکەن واز لە خواکانتان بهێنن!! نەکەن واز لە (ود وسواع ویەعوق ونەسر) بهێنن}، ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: ئەمانە ناوی پیاوچاکانی قەومی نوح بوون، کاتێک مردن شەیتان بە قەومەکەیانی ووت: لەو شوێنانەی کە دانیشتنیان ئەنجامدەدا پەیکەریان بۆ دروست بکەن، وبەناوی ئەوانەوە ناوی بنێن، بۆیە ئەنجامیاندا (پەیکەر وبتیان بۆیان دروستکرد)، لەو کاتەدا نەپەرسترا، بەڵام کاتێک ئەو قەومە مردن قەومانێکی تر هاتن لە پاش ئەوان وزانست وعیلم نەما (زانست وعیلم نەما سەبارەت بە یەک خوا پەرستی) بۆیە ئەو بت وپەیکەرانە پەرستران.

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئیبن عەباس -ڕەزای خوای لێبێت- ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕاڤە دەکات بەوەی کە ئەم پەرستراوانەی کە خوای گەورە باسی کردووە لە ناو قەومی (نوح)دا بوون و وەسیەتی یەکتریان دەکرد لە سەر پەرستنیان پاش ئەوەی پێغەمبەر نوح -علیه السلام- نەهی لێیان کرد لەوەی کە شیرک وهاوبەش بۆ خوا بڕیار بدەن، ئەمانە لە بنەڕەتدا ناوی پیاو چاکان بوون لە خۆیان، زیادەڕەوییان کرد سەبارەتیان بەهۆی هەڵخەڵەتاندن وفێڵی شەیتانەوە هەتا وای لێهات لە سەر وێنەی خۆیان پەیکەریان بۆ دروست بکەن، هەتا وای لێهات ئەم وێنانە بوونە بت وپەرستران.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3421